## ڕیژنەکەی احمد محمود لە تاریکیدا

حەمید کەشکۆلی

“جینایاتی تیرۆرکردنی کچەکوردیك لە سوید و وەلامیك بە حەمید کەشکۆلی و دوو سەرنج “ ناونیشانی وتارەکەی بەریز محمود احمد بوو( لەلایەن حزبی کۆمونیستی کارگری یەوە ) کە رۆژی١١\٢\٢٠٠٢ لەسەر روپەری کوردستاننیتدا بلاوببوەوە، لە وەلامی گۆیا رەخنەگرانە ی بەو هەالە جەرگبرەی کە بەپەلە بۆ کوردستاننیت م ناردبوو سەبارەت بەجینایەتی تیرۆرکردنی فاتمە شاهیندال لە سوید. لە وتارەکەیدا بە ناهەق تاوانی ناسیۆنالیزم و کۆنەپەرستیی ئیسلامی داوەتە پالم.

بەراستیش رونکردنەوەی بیروړام لەم بارەیەوە بی خراپ حالی بوونی کەسانی دیکە کاریکی ئاسان نییە بۆم، هەروەهاش ریزدار محمودیش بەپشت بەستن تەنیا بە دوو رستە لە نامەکەمدا سەرکەتوو نەبووە لە شیکردنەوەی بە قسەی خۆی “ دەزگای فکری کەشکۆلی“. چۆن وا لیبراوانە حوکمی خۆی داوە بەسەرم کە لەو نامەیەمدا بو کوردستان نیت دەلی کە من شین وشەپیور دەکەم بۆ عەقلییەتی پیاوسلاری و فەرهنگی کۆنەپەرستانەی ئیسلام و وەك< ناسیۆنالیستیك> هاتووم ئەو تاوانە گەورەیە شەن وکەو دەکەم.

کاك محمود بە ناسیۆنالیست گوناهبارم دەکا چونکە وتوومە- جینایەتی لەو چەشنە سەرەنجامی زۆر خراپی هەیە بۆ سەر کوردو، وەك گەلیکی نامتمدن ودرندە دیینە بەر چاوی گەلانی دیکە-. . .

دەوجا وا نەبوە ؟ تا ئەو جیگەیەی ئاگام لی بیت زۆربەی زۆری ژنکوژەکان لە سویدی کوردن و “ سکولار“ و فرییان بەسەر ئیسلام یان چ دینیکی دیکەوە نییە. لە نامەیەکی دیکەمدا بۆ کوردستان نیت باسم لی کردوە. دەشبی کاك احمد وتاریکی هاورییەکیان هەر لە کوردستان نیت خویندبیتەوە لە سەر کوژرانی فاتمە، تییدا دەلی ئەو جینایەتە ناوی کوردی زراند – یان بەو مەعنایە- دەبوایە هاوریکەی خوشی ناسیۆنالیست بیت ئەگەر من ناسیۆلیست بم. رەنگە دارشتنی نامەکەی من تارادەیەك لە مەنتیقی ناسیۆنالیستەکان نیزیك بیت بەلام لەو چەند دیرەدا فکرو بیری من روون نەبۆتەوە. دواییش ئەو هەوالەم دراسەیەك نییە لەسەر کیشەی ژن تاکو داوام لی دەکەی فاکتی واقعی ومادیانە بهینم بۆ شیکردنەوەی ئەو جینایەتە ؟

فاتمە وتیکرای فاتمەکان لە بیری مندا ژنن وئینسانن نەك کورد. خۆ نابمە ناسیۆنالیست ئەگەر بلیم کیشەی ژنی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر هۆگەلیکی کۆمەلایەتی، کولتوری وجوغرافی و تاریخی وهتد. بەرای من بەستنەوەی کیشەی ژن بە نەتەوەو نیشتمان زەرەریکی خراپ لەم کیشەیە دەداو دووبەرەکی و قەلشان لە بزاڤی ژنان دەخولقینی وەك ئەوەی لە زەمانی جەنگی جیهانیی یەك و دوو رووی دا چ لە بزاڤی کریکاری جیهان چ لە هی ژنان. بۆیە فاتمە بە سمبولی تیکۆشان لە پیناو ئازادی ژنان دەزانم.

وابزانم من لە زۆر کەس زیاتر لە رووی رەجعییە ناسیۆنالیستەکان راوەستام، ئەوانەی دەستەخۆشی لەو وەحشیگەرییە دەکەن، تەنانەت خەلکی وا هەبوو سەرکۆنەیان کردم و رکوراست بەروویان دامەوەکە- ئەو هەموو دەرد وئازارەت چیشتوەلەدەستیان و هیشتا لەسەری ئەو < نازانم چییانە < دەکەیتەوە ؟! – یەکیکیان هەر بۆ بی حورمەتی دەلی موقفم چ بیت ئەگەر کچەکەم بەسەرکردەوەو بینیم لبنانیەکان چوارقۆلی ئیستلامیان کردووە ؟ وتم دەوجا چت داوە لە کچەکەت، خۆ مولکت نییە، بۆ دەرۆی بۆ لای ؟ کچ ئەوەندە بی حورمەت بیت لیی گەری بروا، ئینسانیك ئەگەر غەلەت بیت هەمو رۆژیکی مردنیکە.

منیش لەو باوەرەم کە ژنی کورد زۆر چەوساوەیە و ناوەکەی“ئافرەت“ هیمایەکی ئاشکرایە بۆ ئەو قیمەتەی کە کوردەواری بۆی داناوە – ئافرەت – کە وشەیەکە ئەو پەری سوکایەتی و بی حورمەتی دەگەیینی. وشەی ئافرەت کە ناسیۆنالیستەکان

شانازیی پیوه دەکەن ئەسلەن لە عورە ی عەرەبییەوە هاتووە بە مانای شەرم و عار و حەیا. کە نەتیجەکەشی گەلاوی ژن لەم کۆمەلەدا دەگەیینی.

کاك احمد ! شین و شەپپوری چم کردوە بۆ عەقلییەتی پیاوسالاری ؟ وا دەزانی لەراست جینایاتی ژنکوژی و تیزاب رشتن بە قاچی ژنان و جۆرەهای سوکایەتی و بی حورمەتی دیکە لە کوردستانی _ ئازادیدا—، بیخەم و دلسارد بم ؟! ئایا وا بی شعور و بی هەست بم لە راست کوشتنی وەحشییانەی پیلا، کە وا بە فیل بردیان بۆ زاخۆ و حوکمی ئیعامیان بە سەردا ؟ بکوژەکە کە باوکە کودە شەریفەکەیەتی دیت گوللەی زیادەی پیوه دەنی تا دلنیا بیت روحی پیوه نەمینی ؟؟ ئەو جینایەتکارە ئیستا ئازادە و زۆریش ئازاد ؟

کاك احمد! ئەوە من بوو م داوام لە ژنانی چالاك کرد ئیمزا کۆ بکەینەوە و عەریزە بنووسین بۆ حکومەتی سوید تاکو ئەو ئالچاخە بدری بە عەدالەت لە سوید و تامی بیدەسەلاتی لە زیندانەکانی سوید بچەشی. بەلی تا فیری بکەن چۆن دەمانجە ئاسنین و گوشتینەکەی بە کار دینی !

ئایا لە تب عدلی ئیش دەکەم تاکو ناوی هەمو قوربانییکانی احزابی دەسەلاتداری کورد تومار بکەم ؟ ئەمە چ داوایەکە لە منی دەیکەی؟

ئوردونیش ولاتیکی مودیرن و کۆمەلیکی مەدەنییە، لەویشدا پیاو بۆی هەیە ژن بکۆژی و بکوژەکە دوو مانگ زیاتر حوکم نادری.

بەو مناسبەیەش لەبیرمە جاریك رەنگە پیش ٣ یا ٤ سال دەبی لە کانالی CNN کریستینا ئامانپور راپۆرتتیکی لە عمان وەوە خویندەوە گۆیا کچیك کوژراوە بەدەست برایەکی لەبەر ئەوەی اغتصاب کراوە، دەوجا کارەساتەکە لەوەدایە، بلی کی اغتصابی کردبیت؟ برایەکی دیکەیٔ ! کە ئەوەش هیچ خەمیکی نەبوو بیمنەت و ئازاد بوو. بکوژەکەش شانازی بەو جینایەتەی خۆی دەکرد کە شەرەفی خۆی کریوەتەوە.

هەلبەتە دەسەلاتدارانی پیاوسالاری کورد بە بلاوکردنەوەی زانیاری وەها شاگەشکە دەبن و دلیان خۆش دەبی کە تەنیا خۆیان نین. بەلام دەبی ئاگامان لە هەمو دنیا هەبیت بۆ ئەوەی بیرکردنەوە لە ری تیکۆشان لە پیناوی ئازادی رونتر بیت. لە خەلکی شارەزا دەبیسم کە هەولیر پایتەختی کوردستانی ئازاد بوەتە چ قەسابخانەیەك و جەهەندەمیك بۆ ژنانی داماو. ژنکوژی دیاردەیەکی باو بوە لەوی، دەوجا منیش لیرەدا دەلیم ئەو دیاردەیە پەلەیەکی رەشە لەنیو چەوانی ناسیۆنالیزم و کولتوری پیاوسالاری کورد. هەلبەتە هەرکۆمەلیکی چینایەتی کولتورگەلیکی جیاجیای تیدایە بەپیی هەلویستەی کەسان لە چین وتویژەکاندا و بە هوی رادەی دەسەلاتیان و ئاستی روشنبیریان.

لەم وتارەدا ناگونجی هەموو روانین و بۆچونم لە سەر ناسیۆنالیزم بەتایبەتی هی کوردی دەربرم، ناسیۆنالیزمی درۆ و دەلەسە و ژن بە ژنە و ژنکرین وفرۆشتن و بی اخلاقی، بەلام کاك احمد دلنیا بە من بە هیچ کلۆچیك دانووم لە گەل دانووی ناسیۆنالیستەکان ناکولی. پتر لە نیوەی ژیانم دەربەدەر بوومە و خەباتم کردووە بە چەکیش دژی بەعسی فاشی، دەوجا چی بە چی دەکەم فاشیزم بە فاشیزم بگورمەوە. ئینسانی زەحمەتکیش و چەوساوە بە چ عەقلیکەوە هاوسوز و هاورا بیت لەگەل چەوسینەرانی. من هەتتا بەینی کومەلایەتی و دۆستایەتیشم لەگەلیان بەروالەت و نابەدلە. خۆ پیویست ناکا جینایاتەکانیان کە شانازیان پیوه دەکەن، بژمیرم، کی ئاگای لییان نییە. هەندی بەناو شیوعی عەرەب و کوردیش هەبوو بە "قەومی" تاوانباریان دەکردم، کەچی زەمانە دەری خست کی قەومییە، تهمتەکانیان تعبیر لە دەزگای فکری خۆیان دەکرد و هیچی تر. چاویان دەچوە پشت سەر کچەکوردیك میردی بکردایە عەرەبیك، هەر عەرەبیك. لەبیرمە لە بەغدایی لە زانکو تەلەبەی کورد چ گیچەلیکیان دەکرد بە هەر کچیکی کورد توزیك رووی خوش بوایە لەگەل خویندکاریکی عەرەب.

شتيكى تر دەليم، بە ا. م. كە هەر فكر ورايەك چەندى هەلگرەكەى متاكد بى مليون لە سەديش كە فكرەكەى راست ودروستە هەر احتمالى غەلەتى هەيە. ئەوە قەناعەتى سەقامگيرى منە. مەبەستم ليرە ئەوەيە ريى تيدەچى ئينسانيك راى و فكرى جياواز بيت لە فكرى حزبى كۆمونيستى كارگەرى و رييش تى دەچى دروست بيت.

بۆچوونى من تا رادەيەكى زۆر يەكدەگرى لەگەل بۆچونى ح. ك. ك سەبارەت بە ناسيوناليزم. لەگەل ئەوەم كە ژن لە كۆمەلى كوردەواريدا چەوساوەيە. بەلام رەنگە جياوازيشم هەبيت، جياوازى لەوە كە ئەگەر لايەنگەليكى كولتورى قەومى كوسپ نەبن لەبەردەم ژيانى بە ئازادى و ئينسانييانە، مرۆى ئازاديخواز بۆچى دژى بوەستى. بۆ نموونە چيژنى نەورۆز – هەرچەند لە ميژە لييدا حازر نەبوومە– ئەگەر ئينسانييانە و بۆ پتەوكردنى دوستى و برايەتى نيوان خەلكى بەريوە بچيت و بۆ خۆشى هەموان بيت شتيكى باشە ئازاديخوازانيش تييدا بەشدار بن. بەلام من وەك ناوەرۆك وەرى ناگرم بەلكو تەنها شكلە، نايكەمە استورە دژى خەلكى ديكە و سوكايەتى بە زەحمەتكيشان و استفزازى خەلكى. سوربون لەسەر غەلەت بوونى فكرى خەلكى و دروستى فكرى خۆ، ئينسان دەخاتە ناو زەلكاوى هەلەى گەورەتر. تاريخيش نموونەى زۆرمان دەخاتە بەرژاو. عمرو بن هشام – مواليدى ٦٣٢ى ميلادى – سەرۆكى هۆزى بنى مخزوم ناويان لى نابوو ابو الحكم لە بەر ليهاتوويى و زيرەكى و رەوشتى بەرزى. كەچى دواى راگەياندنى ئيسلام، سوور بوو لەسەر راى خۆى و وتى باقى خەلكى غەلەتن، رۆژ لە دواى رۆژ خەلكى زۆرتر خۆيان لى كيشايەوە و باوەريان پى نەما تاكو ناويان لى نا ابو الجهل، پيى نەكرا لە غەزاى بدر خۆى بپاريزى و لەوى كوژرا.

سەبارەت ئيسلاميش باسەكە زۆر ئالۆز دەبى. وەكو شعردۆستيك من سەروكارم بە ميتافيزيك هەيە، زۆر جوان وشاعرانەيە كاتى حەزرەتى عيسا تصور دەكەم لەسەر ئاو راوەساوە و وەعز دەدا. ئەو دەمە وينەى وەها دينمە بەر چاوى خۆم قانونەكامى فيزيك دەبى وەلاوە بنيم. لە قورئانيش وينەى هەست بزوين وشاعرانە زۆرن. ئيسلام وەكو دين و هەلويستى لە ژن لە گەوهەردا فەرقيكى نييە لەگەل دينى موسا. دينەكەش وەكو تاريخى بەشەريەت بەشيكى لە تاريخى نيرينەى دنياو هەميشە لايەنگرى پياوى كردوە. ژن ئەگەر بەراى ئيسلام ناقص العقل و پلە خوارترە لە پياو، خۆ لەكنە يهوديان سەرەراى ئەوانەش گەلاويشە و نگريسە، كاتى حەيزى دەبى نانى دەستيشى ناخۆن. بوەتە هۆى وەدەرنانى ئادەم لە بهشتەوە كاتى لە ميوەى درەختى معرفتى دەرخوارد دا. – رۆژيك بە يهوديەكم وت دوجا سووچى ئادەم خۆيەتى، وا گەوج نەبوايە حەوا نەيتوانى فريوى بدات–. پياوى مۆمنى يهودى زۆر شوكرانەى خودا دەكا كە بە پياو خەلقى كردوە نەك ژن، ژنى بەدبەختيشيان شوكرانەى خودا دەكا هەرچەند بە ژن خەلقى كردوە.

مەسيحيەتيش باشتر نييە لەو دوو دينە لەم بارەيەوە. هەندى بۆچوونى عيلميش هەن وەك داروينيزم راى وايە كە لەبەر نەخۆشى تايبەتى و هۆى بيولوگى، ژن بە كەم عقل ولاواز دا دەنين. داروين خۆى باوەرى بە دين ودياناەت نەبوو و ملحد بوو.

لە نامەكەمدا وتوبووم حوكمى قەتلى ژن نييە لە ئيسلامدا. ا. م. ئەو قسەيەم بە شين و شەيپور بۆ پياوسالارى وئيسلام لەقەلەم دەدا. ريزيك ئايەت دينى لە قورئانەوە لەسەر ژن، شتاقيان حوكمى قەتلى فيزيكى ژنيان لى وەدى ناكرى. لە قورئان حوكمى بەردەباران هەيە نەك كوشتن، هيچ بەرژەوەنديەكم نەبە دين نەبە نەتەوەوە هەيە، ئەگەر پيتان دەكرى هەر ئيستا مەحفيان بكەن.

ئەگەر كاك احمد دەيەوى بزانى چۆن ئسلام ريكە دەدا بە كوروكچ پيوەندى سيكس بگرن دەبوايە باش حالى لە دوو ئايەتى ٢٤و٢٥ ى سورەى النسا ببى.

"والمحصنات من النساء إلا ما ملكت أيمانكم كتاب الله عليكم و احل لكم ما وراء ذلكم أن تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسا فحين فما استمتعتم به منهن فأتوهن أجورهن فريضة ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة إن الله كان عليما حكيما. ومن لم يستطع منكم طولا أن ينكح المحصنات المؤمنات فمن ما ملكت

أيمانكم من فتياتكم المؤمنات والله اعلم بإيمانكم بعضكم من بعض فأنكحوهن بإذن أهلهن وائتوهن أجورهن بالمعروف محصنات غير مسفحات ولا متخذات الآيتان( ٢٤و ٢٥سورة النساء)"

لەو دوو ئایەتە هاتووە ئەگەر پیاوان پییان نەکرا زەواج بکەن یان جەواریان هەبیت، کە ئەوەش زۆر تکلیف دەکا، دەتوانی پیاو ریك بکەوی لەگەل ژنیك بە رازی بوونی هەردوو تەرەف و هەقەکەی بداتی بی ئەوەی ناخوشیەکیش روبدا. مەبدەئی زواج متعە {سیغە} لەسەر ئەو دوو ئایەتە دامەزراوە، لەلای شیعە هیشتاش جیی قبولە. عمر کوری خەتتاب حەرامی کردوە بۆ سوننیەکان. ئەو مەبدەئە وەکو سەودای سیکسکرین دیتە بەرچاو، بەلام دەبینم موشکلەی زۆریك حەل کردوە. زۆرکەسی لە کەبتی نائینسانیانەی داسەپاو لەلایەن کومەلگاوە نەجات داوە. گوتم بە مەلایەك بۆچی لەو گەنجانە ناگەرین رابوبرن بی مارەنامەی سیغە. وتی خۆ شەق نابەن ئەگەر وەرەقەی ئاوو کەهرەبا نیشانی پولیسی ئاداب بدەن ئەگەر داوای لی کردن. لەم سویدەدا کچی محجبە هەیە زەواجی متعە دەکا بی ئیجازەی مەلا. دیسان دەلیمەوە ئەگەر کاك احمد پیی دەکری دین و نەتەوە لە ژیانی ئینسانەکان بسریتەوە با هەر ئیستا بی راوەستان بیکا وتا ئەو جیگەیەی پیشم بکری یارمەتی دەدەم. من نەهاتووم وەك هەندی کەس بلیم ئیسلام شۆرشی اجتماعی و ریفۆرم بوو، بە پیچەوانە دەلیم بزاڤیکی رەجعییانە بوو لە سەردەمیك عەربستان گەشەی دەکرد، پیش ئیسلام ژن وەزعی باشتر بوو، خەدیجە اربابی محمد بوو. تیرۆرکردنی گەورە شاعیرەی عەرەب اسما بنت مروان لەسەردەمی حەزرەت خۆی بە هاندانیشی جیگەی محکومکردنە. ئەو جینایەتە گەورەیە لەبیر ناچیتەوە، شاعیر بۆی هەبو رەخنە لە هەر کەس بگری. اسماو کچی مروان دایکی پینج منال بوو. کاتیك مفرەزی مسلمانان چوونە سەری کورپەکەی لەبەر مەمکی بوو شیری دەدایی. بەشەر عمری کورتە تا هەمو شت لەم دنیایەدا حالی بی. کە تاریخی ئیسلام دەخوینمەوە دەبینم ئیسلام تەنیا ئیسلامیك نیە، تەنیا قورئان و حدیس نییە. محمدیش عەرەبیکی ئاسایی عەربستانە، دەوجا بۆ هەمو کارو کردەوەی مقدس بیت و سەرمەشق بیت ؟؟ با هەر چی کردبیت کردبیت. کاتی عەسکەری اسراویل بەهاوکاری هەندی ملیتانتی مسیحی قەتلوعامەکەی صبراوشاتیلایان ئەنجام دا، جنرالیکی اسرائیلی گوتی ئەوە لە تۆلەی خەیبەر بوو. ئیسلام ئەوەتە پتر لە ١٤٠٠ساڵە تاریخیکە کەلەکەبوو لیی دزیوی و جوانی دەبینی. پرە لە ناکۆکی و کونتراست. چۆن سلمان وەك هارون الرشید بیت لی بەرچاوم لە کاتیکدا ئەوەلی لەگیانەلاودا دەگریا وتی بارم گرانە کەچی هیچیشی نەبەە لە مرکبدانەکەی و زەرفیکی خواردن چەرمین و حەسیرەیەك، کەچی هارون چ بلیم تەنیا ولاتی ئازەربایجان مهریە سیدە زبیدە هاوسەرەکەی و دایکی حەمەمینی کورە حیزەکەی بوو. چۆن تیکۆشەریك وەك ابودر کە تووشی ئەشکەنجەی وەحشیانە بو لە پیناوی عەدالەت و سۆسیالیزم هاوسان بیت لەگەل معاویەی فیلبازو مەکار. لە کتابی الاغانی ابوالفرج الاصفهانی نوسراوە سکینە خوشکی حسین صالۆنی ئەدەبی هەبوە وەك صالۆنی می زیادە و هەندی ژنە نوسەری ئۆروپی سەردەمی رینیسانس، شاعرە گەورەکان شیعریان بۆ خویندۆتەوە داوای رایان لی کردوە — من اشعرنا یا بنت بنت رسول الله ؟ کیمان شاعرترین نەوەی پیامبەر؟ ئەویش رای رەخنەگرانەی توکمەی خۆی وتوە. زۆر لە گەورە ئەدیبانی ئەو سەردەمە شەیدای بوونە و بە ئارەزووی خۆی و بەئازادی عەشیق و میردی خۆی هەلبژاردوە و گۆریوە. مصعب بن زبیر دواین میردی بوە. خامەکانی بنی امیە واتە امیرەکان زۆریان حەسودی و ئیرەییان پی بردوە. کچەکەی عوسمان رۆژیك پیی دەلی ئیمە لە رووی تۆ بۆمان نییە سەر بەرزکەین. ئیستا ئەو کیژە شۆخە، شیعەکان نایانەوی باسی بکەن ئەگەر باسیشی بکەن بە شیواوی دەیکەن، سونیش بە فاحشە دایدەنین و بە منحرف. ئەو جینایاتانەی ناسیۆنالیستە علمانیەکان کردویانە دەرهەق خەلکی بی دەسەلات زۆر گەورەتر و پیستر بوە لە هی ئیسلامیەکان. ئەگەر ئیسلامیەکی وەحشی تیزاب دەکاتە پیی ژنیك، عەسکەرەمۆدیرن وسکولارەکان خەلکی لە ناو تیزابدا دەسوتینن. جینایەتەکانی جمال عبد الناصر و جنرالەکانی عیراق هیشتا بۆ خەلکی تازەنە و لەبیریان ناچی. بۆ بە باشی بزانم ئەگەر عبد الناصر سید قگب و اخوان مسلمین قەتلوعام کرد. چ پیشکەتنخوازیەکی تیدایە وەختی شیرەی سوریا شاریك خاپور کرد بەسەر دانیشتوانی بە بیانووی قرکردنی ئیسلامیەکان قوربانیەکانی ئەو جینایەتە سکولارە دەیان هەزار ژن و مندال و پیر بوو. یزیدیش سکولار بوو، ئەو جینایەتە

گەورەیەی کرد لە دەشتی کربلا، عەسکەرەکانی سەری ئینسانیك لە ولایەتەکانا دەسورینەوە بۆ تۆقاندنی خەلکی، عبداللەی کورپەیان بە دەستی حرملەی وەحشی بەتیریك لە بناگۆیەوە تا بناگوی سەربری. ئەگەر هەر سکولار و بی دین لە دیندارەکان ئینسانتر بوایە دەبوایە یزید ئەو تاوانەی نەکردبا. یزید لە شیعریکیدا دەلی:

لعبت هاشم بالملك فلا خبر جاء ولا وحی نزل

بۆ پشتگیری لە CIA تیروریسترین تەشکیلاتی دنیا بکەم لە قەتلوعامکردنی افغانیەکان بە بیانووی تیکۆشان دژی تیروریزم؟؟ خۆ امریکاوهاوسوزەکانی وا رویان رەش بوە نە توانیان ئاشتی دامەزرینن نەش جەنگەکەیان یەکلابکەن. رۆژهەلات بە یەك چاو تەماشای هەمو ئیمە شەرقیەکان دەکا، چ فەرقیك دانانێن لە نیوان منصور حکمت و مەلا محمد عمر، لە نیوان مەلا بەختیار و مەلا کریکار، لەنیوان عمر خاور و علی حسن المجید. نوختەیەکی تر کە ا. م لەمنی گرتوە ئەوەیە کە من نوسیومە لەگوندی کوردم بیستوە کە زەلام ناکوژن بۆ خاتری کونەمیزیك. ئەوە قسەی من نییە تا لەسەرمی بکاتە مال، هی هەندی عەشایرە کە سوکایەتی بە خۆیان دەکەن. لە نامەکەمدا وتومە کە ئەو قسەیە لە دواکەوتنەوە هاتوە. بەلام نەقلی کفری کەسیکی دیکە نابیتە کفر بۆ من. دیارە أ. م. دەیەوی بە قەستی لیم ئالۆز بکا، سەرەرای ئەوەش داوای لیبوردن دەکەم لەو براو خوشکانەی کە خراپ حالی ببون لیم.

پیشکەوتنی کۆمەل وئالۆزی ژیان دەستەبەری گۆرانی زۆرە و لە دەسەلاتی ئایین کەم دەکاتەوە، و زۆر لە احکامەکانی بی ناوەرۆك دەکا. کی دەتوانی چوار ژن بینی لەم وەزعەدا ؟ ئەگەر ئینسان بەزەحمەت خۆی بەریوە دەبا. ئیسلام ریگەی داوە چوار ژن بینی وتا پیت دەکری ژنی ناشەرعی، تەنیا قسەیەکە و دەکری. لەم ئوروپایەیەشدا و تا رادەیەکیش لای خۆمان فرەژنی هەیە بە شیوەی پیکهینانی عەشیقە. بۆ حوکمی ئیسلامەکە قیزەونتر بیت لە هی مودیرنەکە؟ من دیفاع لە ئسلام ناکەم بەلکو دەمەوی قسەی هەق بکەم و ئەگەر بوار هەبیت لەو ئیسلامەدا بۆ پیشکەوتن، بۆچی کومەل کەلکی لی وەرنەگری. هەر دینیك کە دەگاتە ناوچەیەك رەنگی کولتوری ئەو ناوچەیە بە خۆ دەگری، بۆیە لەو دواکەوتنە و علاقاتی نائینسانیە زۆرتر کولتور وئاستی کومەل تاوانبارە. کەنگی ئیسلام وتوە ژن ریسوا بکەن ؟ دوای حکایەتەکەی الافك زەلام بۆی نییە باس بکە لە ژنیك کە پیوەندی نامشروعی هەبوە لەگەل فلانی. لەو حالەتە ئەو کابرایە دەبی سی شایەتی تر لەگەل خۆی بینی کە ئەوانیش عەمەلیەکە بە تەواوی لەبەر چاویان روو ی دابی، ئەگینا ئەو زەلامە لەبازارسەوزەی مالمو ولەبەرچاوی خەلکی هەشتا جەلدە دەخوا و رسوا دەکری. ئاخر کیهە ژن وا ئەحمەق بیت کاتی کاریکی وەها چوار شایەتیش بینیتە سەر خۆی. . ئەو سورەتە دەلی بەو کابرا چاوحیزە هەتتا ئەگەر بینیت سەری خوت حیز کە برۆ و باسیش مەکە. خویندکاریکی اسلامولوگی سویدی پیی وتم وام زانی قورئان لەباسی سیکس محشومە، نەك بەس محشوم نییە بەلکو ئیرۆتیکیشە. کەنگی سیارە لیخورین قەدەخە بوە، یان دراسە یان کاردن؟ بە چاوی خۆم دەبینم لە زانکوکانی سوید کچانی بنەمالەدینیەکان لە کچانی مالە سکولارەکان زۆرترن. ئەوانەی کاردەکەن لە سفورەکان کەمتر نین ئەگەر زۆرتر نەبن. لە جادەکان زۆر دەبینم کچی محجبە سیارە لی دەخورن.

ریبەرانی مشروتەش زۆربەیان مەلا دینی بوو ن، ئەو حرکە پیشکەوتنخوازانەیان کرد. دەستوری بەلجیکیان هینا بۆ ئیران و قانوونەکانی ئازادی فردی و کۆمەلی مەدەنیان دەرکرد، لە کاتیکیکدا تەنانەت لە هەندی ولاتی ئوروپاش کۆمەلی مەدەنی هیشتا وا نەچوبوە پیش.

لە زەمانیکدا ناعەدالەتی و نابەرابەری بالی کیشا بیت بەسەر ژیانی بەشەر، چەوسینەران بۆ پاساودانی چەوساندن پەنا دەبەنە بەر هەرفکریك هەر دینیك.

وابزانم زۆرم وت، مەسەلەی وا ئالۆز وا ئاسان رۆن نابیتەوە، با لە وتارەکانی داهاتوودا زۆرتر باس بکەین.